# له واشنتۆن خۆپیشاندان مەكەن!

سەعید ئەحمەد

وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی سلێمانی داوای لە گروپو رێكخراوە جەماوەرىو پیشەییەكان كردووە كە كۆبوونەوەو خۆپیشاندان نەكەن.. دەڵێن ئەمە دەرفەت ئەداتە تیرۆریستان تا كاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن..

سەرانی یەكێتیو لەوانە خودی تاڵەبانی لە چەندین بۆنەدا كاتێك قسە لەسەر ئاسایشو ئارامی ناوچەی ژێردەسەڵاتیان ئەكەن، دەڵێن سلێمانی لە واشنتۆن ئارامترە! دەی كەوایەو ئارامیو ئاسایش هێندە بەرقەرارە ئیتر ترسی چیتان هەیەو بۆ خۆپیشاندان نەكرێت؟

راستییەكەی ئەوەیە كە ئەم ماوەیە حكومەتی سلێمانی بەدەست خۆپیشاندانی توێژە جیاجیاكانەوە گیری خواردووە، مانگێك مانگرتنو خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی، چەند هەفتە خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆی ئایندە، خۆپیشاندانی گەورەی مامۆستایان، دیسانەوە خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆی سلێمانیو خۆپیشاندانی مافناسانو... تاد. بەكورتی ئەم ماوەیە بەردەمی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەكێتی بەردەوام جمەی هاتووە لە ئاپۆرەی خۆپیشاندەران..

ئەمە لەكاتێكدایە كە تائێستا كێشەی هیچ یەكێك لەم توێژو جموجۆڵانە بەتەواوی چارەسەرنەكراوەو نارەزایەتیو تورەیی لەناو كرێكارانو فەرمانبەرانو... دا شەپۆل دەدات..

نارەزایەتی لەبەرامبەر ناعەدالەتی لە سیستمی نوێی مووچەدا، كە پلە بەرزەكانی پارەیەكی خەیاڵی وەردەگرنو فەرمانبەرانی دیكەش پارەیەكی زۆر كەم وەردەگرن.. لەكاتێكدا كە نرخەكانی بازار هەر روو لەسەرەو خەڵكی بەدەست گرانییەوە دادوبێدادێتیو جامی رقو تورەییان لەپربووندایە..

نارەزایەتیو تورەیی خەڵك لە گەندەڵیی ئیداریو تاڵانو برۆی قانوونیو ناقانوونی دەسەڵاتدارانو بەرپرسانی حكومی كە بە بەرچاوی هەموو خەڵكەوە ئەوان هەموو شتێكیان بۆ خۆیان پاوان كردووە، كۆمپانیاكان، تەلارەكان، بەنزینخانەكان، ئوتێلەكان، زەویوزارو...تاد هەمووی هی تاڵەبانیو هێرۆو ئەندامانی مەكتەبی سیاسیو وەزیرو وەكیل وەزیرەكانە.

رووداوەكانی ئەم چەند مانگەو مامەڵەی یەكێتی نیشتمانی لەگەڵ خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییە، بەئاشكرا نیشانی دەدات كە ئەوەی یەكێتی نیگەران كردووە مەسەلەی ئەمنو ئاسایشی خەڵكی نییە، بەڵكو خودی ئەم مانگرتنو خۆپیشاندانانەیە..

ئەوان هەم بەرێكخراوە زەردەكانیان لەنێو خوێندكارانو مامۆستایانو توێژەكانی دیكە خەریكی سەركوتی ئەم جولانەوانەن، هەم بە چاوسووركردنەوەو گرتنو زیندانیكردنو تەنانەت تەقەو داپڵۆسین. كاتێك كە كۆمەڵەی خوێندكاران ناتوانێ بەر بە بەرپاكردنی خۆپیشاندانی خوێندكاران بگرێت، كاتێك كە هەرەشەو گورەشەی یەكێتی مامۆستایان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوەو تاوانباركردنیان بە "گومانلێكراوو ئەوەی كە دەستێكیان لەپشتەوەیە" ناتوانێ بەر بە خۆپیشاندانی مامۆستایان بگرێت.. تەنانەت كاتێك كە سەركوتو داپڵۆسینی راستەوخۆش دادیان نادات.. ئەمجا دەیانەوێ پەنا بۆ قەدەغەكردنی خۆپیشاندان ببەن، كێ ناڵێ ماوەیەكی تر گەر وابروات حاڵەتی تەواریش راناگەیەنن!

ئەوەی كە لە بانی مەقان ئاسایشی یەكێتی دەكەونە گیان 120 خوێندكاری زانكۆی دەرمانسازی زانكۆی سلاحەدینو رێگەیان پێنادەن بچن بۆ پشتیوانی هاورێیانی خوێندكاری شاری سلێمانییان. كە هێندە دڕندانە دەكەونە گیانی ئەم خوێندكارە كورو كچانە كە هەندێكیان بریندار دەبنو بەتایبەتی یەكێكیان بەخەستی بریندار دەبێتو شانو ملی دەشكێتو یەكێكی تریان لەئەنجامی دەستڕێژی ئاسمانیی كلاشینكۆفو (بی كەی سی)دا بۆ ماوەیەكی زۆر دەبوورێتەوە.

ئەوەی كە خوێندكارانی مانگرتووی زانكۆی سلێمانی لەبەر هەرەشەو چاوسووركردنەوەی ئاسایشو یەكێتی تا ماوەیەكی زۆر نەیاندەوێرا خۆپیشاندان بكەن.. تەنانەت هەرەشەی ئەوەیان لێكردبوون كە ئەگەر خۆپیشاندان بكەن تەقەیان لێدەكەن. گرتنی رێبوار عارف سكرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقی لەدەرەوەی وڵاتو بەرپرسی كەمپینی دادگاییكردنی سەدام حسێنو سەرانی بەعس، بەتاوانی بەشداریكردنی لە خۆپیشاندانی رۆژی 4ی ئەم مانگەو پێشكەشكردنی وتەیەك بۆ پشتیوانیكردن لە خۆپیشاندانو خواستەكانی خوێندكاران.

ئەمانە هەموویان بەڵگەی ئەو راستیەن كە ئەوەی یەكێتی هەراسان كردووە مەسەلەی ئارامیو ئاسایشو دەرفەت رەخساندن بۆ تیرۆریستان نییە، بەڵكو مانگرتنو خۆپیشاندانەكانی چینو توێژە جیاجیاكانە كە نەك هەر ئاسۆیەك بۆ دامركاندنەوەی بەدی ناكەن بەڵكو ئەگەری ئەوە هەیە كە جموجۆڵی گەورەتریش بەرێوە بێت..

ئەم رێنوێنیەی وەزارەتی ناوخۆی یەكێتی وەزعی ناهەمواری ئەمرۆی یەكێتی دەردەخات، كە هاوكات لە چەند جەبهەوە رووبەرووی شەرو ململانێیە.. پەرەسەندنی كێشە ناوخۆییەكانی ناو سەركردایەتی یەكێتی، پەرەسەندنەوەی كێشەیان لەسەر دەسەڵات لەگەڵ پارتیدا، كێشەیان لەگەڵ باقی هێزەكانی سەرساحەی سیاسی عێراقو سەرەنجامیش كێشەو ململانێیانی هەموو رۆژەیان لەگەڵ خەڵكو كۆبوونەوەو خۆپیشاندانەكانیان..